# هەڵمەتی خاچدروشمان بۆ سەر هەرێمی جەزیرە و کاریگەرییە ئابوری و سیاسییەکانی

خوێندکاری دکتورا: م.ی پەرێز اکرم عمر
parez.akram@koyauniversity.org
بەشی مێژوو/ فاکەلتی پەروەردە
زانکۆی کۆیە

سەرپەرشتیار: پ. د. صلاح کانبی اسماعیل
salah.ismail@univsul.edu.iq
بەشی مێژوو/کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە:٢٠٢٤\٦\٢
ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٤\٦\٢٧

**پوختە**

هەڵمەتی خاچدروشمان بۆ سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، چەندین هۆکاری هەبوو، هەرچەندە هۆکاری ئایینی هۆکاری سەرەکی ئەم هەڵمەتە بووە، سەرەڕای چەندین هۆکاری دیکەی وەك سیاسی و ئابوریش ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیوە بۆ ئەوەی هەڵمەتەکانیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەست پێبکەن، بە تایبەتی دەست پێکی هەڵمەتەکانیان بە شارەکانی هەرێمی جەزیرە دەست پێکرد وتوانیان لە م هەرێمەدا میرنشینی روها دابمەزرێنن، کە بە یەکەمین میرنشینی خاچدروشمان دادەنرێت، کاریگەیەکی زۆری بەسەر هەژموونی دەسەڵاتدارییەتی خاچدروشمان بەسەر ناوچەکەدا هەبوو، لە رووی سیاسی و ئابوری و ئەو کاولکاریەی لە ناوچەکەدا ئەنجامیاندا، بووە هۆی ئەوەی زەرەر و زیانێکی زۆر بە زەوی و زار و بەرهەمی کشتوکاڵی ناوچەکە بگەیەنن، لەلایەنی سیاسیشەوە بووە هۆی باڵادەستی خاچدروشمان بەهۆی فراوانخوازیان لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی دوای قۆستنەوەی ئەورەوشە ناهەموارەی باڵی بەسەر ناوچەکەداکیشابوو، کە خۆی دەبینێتەوە لە ململانێ و دووبەرەکی نێوان دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و نەبوونی کەسایەتیەك بتوانێت کۆی هێزەکانی ناوچەکە کۆبکاتەوە و بە رامبەر هەڵمەتەکانی خاچدروشماندا بووەستنەوە.

**وشە کلیلییەکان:** هەڵمەتی خاچدروشم، جەزیرە، کاریگەری ئابوری، کاریگەری سیاسی

**پێشەکی**

سەرەڕای ئەوەی هەڵمەتی خاچدروشمان بریتی بوو لە گەڕانەوەی زەویە پیرۆزەکان و هۆکاری ئایینی وەك هۆکارێکی بە هێز بەکارهێنرا بۆئەوەی زۆرترین خەلك بەشداربن لەم هەڵمەتانە، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری ئابوری و سیاسی کاریگەریان لە هۆکاری ئایینی کەمتر نەبوو، بۆیە دەتوانرێت بگوترێ ئامانجی ئابوری و سیاسی رۆڵێکی کاریگەریان بۆ ئەنجامدانی ئەم هەڵمەتانە بینیوە، لە دوا جاردا هەریەکە لەو هەڵمەتانە کاریگەری سیاسی و ئابوریان بەسەر ئەو ناوچانەدا جێهێشتووە کە کەوتونەتە بەر ئەو هەڵمەتانە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئەو کاریگەریە ئابوری و سیاسیانە بخەینەڕوو کە لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی خاچدروشمان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا کەوتوتەوە، بە تایبەتی شارەکانی هەرێمی جەزیرە. بۆ ئەمەش هەوڵمانداوە پشت بە میتۆدی شیکردنەوەی دەقی

sjh@univsul.edu.iq

میژوویی ببەستین. پێکهاتەی توێژینەوەکەمان لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا هەوڵمانداوە هۆکارەکانی هەڵمەتەکانی خاچدروشمان بۆ ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بخەینەروو، تەوەری دووەم بۆ کاریگەری سیاسی هەڵمەتەکان بەسەر شارەکانی

هەرێمی جەزیرەدا تەرخان کراوە، لە تەوەری سێیەمیشدا تیشك خراوەتە سەر ئەو جێکەوتە ئابوریانەی لە هەڵمەتەکانی خاچدروشمان بۆ شارەکانی هەرێمی جەزیرە هەیبوو.

**تەوەری یەکەم: هۆکارەکانی هەڵمەتی خاچدروشمان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی**

هۆکاری ئایینی، خاچدروشمان بۆ ئەوەی شەرعیەت و ڕەوایەتی بە هەڵمەتەکانیان بدەن کە بۆ ناچەکانی ڕۆژهەڵات ئەنجامیان دەدا، چەندین بەهانەیان دەهینایەوە، یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکان بریتی بوو لە هۆکاری ئایینی و گەڕانەوەی خاکی پیرۆزو پاراستنی حاجیەکانیان لە سەردانی زەویە پیرۆزەکان، بە تایبەتی ڕاگەیاندنی هەڵمەتەکان لە لایەن خودی کڵێسە و پاپا ئوربانی دووەم (481-493ك 1088-1099ز)، بەئاشکرا ڕایانگەیاند کە هەڵمەتەکانیان هەڵمەتیکی ئایینیەو بە ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ دەست گرتنە بەسەر ناوچە پیرۆزەکان (بارکر، 1936، 1/83-84؛ عاشور، 2010، 1/ 27؛ حبشی، د. س، 17)

دەسەڵاتداری کڵێسەو پیاوانی ئایینی لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپای ڕۆژئاوا بەسەر دل و دەروونی خەلکەکەیدا بە شیوەیەکی بەرچاو دیار بوو، بە تایبەتی کڵێسای ڕۆژئاوایی خۆی دەبینیەوە لە سەرکردایەتی پاپا کە لە ساڵی (488ك/1095ز) بانگەشەی هەڵمەتی خاچدروشمانی ڕاگەیاند و ئەو بانگەشە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە هەڵمەتی خاچدروشمان بەشداربن (عاشور، 2010، 1/ 31)، ئامانج لەم هەڵمەتانە بریتی بوو لە ڕزگارکردنی قودس لە دەست موسڵمانەکان و ڕەخساندنی ڕەوشێکی گونجاو بۆ حاجیەکانیان، بۆ ئەوەی لە کاتی سەردانی خاکی پیرۆز دووچاری گرفت نەبنەوە (حبشی، د. س، 17)

لەبەرئەوەی هەڵمەتەکە لە لایەن کڵێسەوە بانگەشەی بۆکرا و هەموو بەشداربووان لە هەڵمەتەکە ئاماژەیان بەوە کرد، ئەوە ویستی خودای لەپشتە و هێمای خاچیان بەکارهێناو دەستیان کرد بە ڕۆیشتن بۆ شەر کردن دژ بە موسڵمانەکان (رانسیمان، 1994، 1/ 190؛ عاشور، 2020، 1/ 38) ئەوان دەیانگوت بەکارهینانی هێمای خاچ خۆی لە خۆیدا ئەوە روندەکاتەوە کە ئامانج لە هەڵمەتەکە ئایینییە و مەبەست ڕزگارکردنی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتە لەژێر دەستی موسلمانەکان (الشارتری، د. س، 35، 36)

لە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یانزەهەمی زاینیدا ڕەوشی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی نالەبار بوو، ئەوەش خۆی لە خۆیدا کاریگەری هەبوو لە سەر ئەوەی ڕێگاکانی حەج کردن گونجاو نەبێت، بەتایبەتی حاجیە ئەوروپیەکان هەستیان بە گۆڕانی شیوازی مامەڵەکردنی سەلجوقیەکان کردبوو لە بەرامبەریاندا (عبدالله، 1983، 32).

هەرچۆنیك بی شیوازی بانگەشەی هەڵمەتی خاچدروشمان دەمارگیری ئایینی پێوە دیاربوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری ئایینی تاکە هۆکارێك نەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵمەتە، بەڵکو ئایین بووە هۆکارێك بۆ پەردەپۆشکردنی چەندین هۆکاری تری سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتی، کە بوونە هۆی ئەنجامدانی ئەو هەڵمەتانە، هە ر بۆیە هۆکاری ئایینی تاکە هۆکارێك نەبوو (یوسف، 1986، 189). بەڵکو خاچدروشمان توانیان ئایین بەکار بهینن، بۆئەوەی بتوانن ئامانجەکانیان بپێکن لە گەیشتنیان بە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی.

**هۆکاری ئابوری**

هۆکاری ئابوری ڕۆڵێکی کاریگەری لە جەنگەکان و کۆچکردندا هەیە، هەر بۆیە لە پاڵ هۆکاری ئایینی، ئابوریش ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لە هەڵمەتی خاچدروشماندا، بە تایبەتی خراپی ڕەوشی ئابوری کۆمەڵگەی ئەوروپی گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن. چونکە لە ژێر سایەی دەرەبەگایەتیدا دەژیان، ئەوەش کاریگەری بەسەر ژیانی جوتیارەکانی ئەوروپا هەبوو، ئەم کاریگەریە هەر بەسەر ئەم چینەوە دیارنەبوو، بەڵکو جیکەوتەی بەسەر هەموو چینەکانی تری کۆمەڵگە هەبوو، هۆکاریش بوو بۆ دروستبوونی

شەری ناوخۆیی میرە دەرەبەگەکان و کاریگەری کردە سەر بازرگانی و ڕێگاوبان و کشتوکاڵ وکیڵگەکان، کڵێسە نەیتوانی ئەو کێشانە چارەسەر بکات، ئەو ڕەوشە بووە هۆی خراپبوونی باری ئابوری ،سەرەڕای ئەوەی کڵێسە چەندین کۆبوونەوەی ئایینی ئەنجامدا بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو (عاشور، 2010، 33؛ الشیخ، 2004، 25)، هەر بەکاریگەری ئەو ڕەوشە لەزۆریەی ناوچەکاندا لەکۆتاییەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی/یانزەمی زاینیدا بارودۆخی ئابوری خراپ بوو، بەهۆی ململانێی نێوان میرەکان بووە هۆی بڵاوبوونەوەی برسیەتی (الشارتری، د. س، 31)

هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە هەژار و کەمدەرامەتەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا لە هەڵمەتی خاچدروشمان بەشداریان کرد، بۆئەوەی ڕزگاریان بێت لەو ڕەوشە ئابوریە خراپەدا کە لە ناوچەکانی خۆیاندا هەبوو.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هۆکاری ئابوری ڕۆڵێکی کاریگەری لە هەڵمەتی خاچدروشماندا بینیوە، هەر بۆیە پێویستە ڕۆڵی شارەکانی ئیتالیا لە ئاسانکاری بۆ سوپای خاچدروشمان بخەینەروو، کە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یانزەمی زاینیەوە، شارەکانی بیزا، جەنەوا و ڤینیسیا هەوڵی ئەوەیاندا دەست بەسەر ڕێگا دەریاییە بازرگانیەکاندا بگرن، قۆرغکردنی بازارەکان و هەڵمەتەکانیان بە هەڵزانی بۆ ئەوەی بە ڕۆژهەڵات بگەن، ئەو یارمەتیانەی شارە ئیتاڵیەکان پێشکەش بە خاچدروشمانیان کرد، لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ماف و جیاوکی ئابوری بوو (زیتون، 1980، 129، 140؛الیوسف، 1969، 42). هەریەك لەم شارانەی ئیتالیا لە ململانێی بازرگانیدا بوون بۆ ئەوەی زۆرترین دەسکەوتی ئابوری بەدەستبێنن و هەموو ئامادەکاریەك بۆ ئاراستەکردنی هەڵمەتەکانی خاچدروشمان بکەن (توفیق، 2009، 160)، بەم شێوەیە خاچدروشمان لاوازی ویژدانی ئایینی خۆیان پیشاندا بەتایبەتی دوای ئەوەی تەماحکاری کەسیەتی باڵی کێشابوو بەسەریاندا، جووڵەیان بە پاڵنەرە دونیاییەکان ئاماژەیە بۆ لاوازی پاڵنەرە ئایینییەکان (یوسف، 1981، 97). ئەمە زیاتر ئەوکاتە دەرکەوت کە توانیان کۆنترۆلی هە ندێك ناوچە بکەن، ئەوە بوو خاچدروشمانی ناوچەکانی شام نەیاندەتوانی دەستبەرداری یارمەتیەکانی شارە ئیتالیەکان ببن، چونکە کەشتیگەڵە ئیتالیەکان ڕۆلێکی کاریگەریان هەبوو لە بەستنەوەی خاچدروشمانی شام بە ڕۆژئاوای ئەوروپا (عاشور، 2010، 1/33-34)، بەو شێوەیە هەر لە سەرەتاوە هەڵمەتەکان شێوازێکی ئابوری پێوە دیاربووە، هەریەك لەو شار و کەسانەی بەشداریان لەهەڵمەتەکان دەکرد و پێویستییان پێشکەش دەکرد، لە پێناو خزمەتی خاچ و شەرکردن دژ بە موسڵمانەکان نەبوو، بەڵکو مەبەستیان کۆکردنەوەی پارەو دامەزراندنی نشینگە بوو بۆخۆیان، تا بتوانن زۆرترین ماف و جیاوك بەدەست بهێنن (عاشور، 2010، 34/1؛ الطاشانی، 2012، 12).

**هۆکاری سیاسی**

سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت بەشداریان لە هە ڵمەتەکانداکرد، بۆ ئەوەی لەو ژیانە سەختەی تیایدا دەژیان ڕزگاریان بێت، بەڵام لە پاڵ ئەواندا کۆمەڵێك لە میرو سەرکردەش بەشداریان لە هەڵمەتی خاچدروشماندا کرد، ئەوانیش هەریەك لە فریدریك بەربەرۆسا، فردیریك ئۆگستۆس بوون، هەریەك لەمانە لە ترس و جەختکردنەوە و هە رەشەی پاپا بەشداریان لە چوون بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی کرد، شەرکردن دژ بە موسڵمانەکان وبەردەوام کڵێسە باڵیۆزی دەنارد بۆ لای میرەکانی

ئەوروپا، بۆئەوەی سەرکردایەتی سوپاکانی ناوچەکانیان بکەن، و بەرەو ڕۆژهەڵات بچن دژ بە موسڵمانەکان(عاشور، 2010، 37/1) لەڕووی سیاسیەوە ڕۆژئاوای ئەوروپا لە شەڕی بەردەوام دابوو لە نێوان میرەکان ئەو بارودۆخەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی برسیەتی، مردن ئەوەش وای لە پاپا کرد هەڵمەتەکان بۆ ڕۆژهەڵات ئاراستە بکات. (الشارتری، د. س، 31)

بەشێك لە میرەکان سەرکەوتووبوون لە دامەزراندنی چەندین میر نشین، بەرلەوەی بە ناوچەکانی قودس بگەن ئەوانە جیابوونەوە لە خاچدروشمەکانی تر کە هاتبوون، بۆئەوەی دەست بەسەر زەویە پیرۆزەکان بگرن لە فەلەستین وبە ستنەوەی بە ڕۆژئاوای ئەوروپا(الشیخ، 2004، 36)، ئەوەش بەڵگەیەکی روونە لەسەر ئەوەی کە چاوتێبرینی خاچدروشمان هۆکارێکی بەهێز بوو، لە لایەن بەشێك لە میرەکان بۆ بەشداری کردنیان لە هەڵمەتی خاچدروشمان وبەشێك لە میرەکان بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەسەرووی بەرژەوەندیەکانی ترەوەدەبینیەوە. (الشیخ، 2004، 36)

ڕەوشی سیاسی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتیش بە شێوەیەك پەرتەوازە بوو، کە چەندین قەوارەی سیاسی لێ بووە وەك، خیلافەتی عەبباسی سونی لە بەغداد و خیلافەتی فاتمی شیعی لە میسر کە بەرەو لاوازی چو بوون بە هۆی جوڵانەوە بەرهەڵستکاریەکان و باڵادەستبوونی بووەیهی و دواتریش سەلجوقی، لە مسریش خیلافەتی فاتمی شیعی بەرەو لاوازی دەچوو ولە کاتی هاتنی هەڵمەتی یەکەمی خاچدروشماندا ناوچەکانی فەلەستین لە ژێردەسەڵاتداریەتی ئەواندا بوو(عمران، 2000، 18) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مەبەستی دونیایی وایکرد خەڵکانێکی زۆر بەشداربن لە هەڵمەتی خاچدروشمان بەتایبەت برسیەتی و نەخۆشی هاندەرێکی باش بووە و وایکردووە خەڵکانێك بەرەو ڕۆژهەڵات کۆچ بکەن بۆئەوەی لەو ناڕەحەتیانە ڕزگاریان بێت (بارکر، د. س، 22).

**تەوەری دووەم: کاریگەری سیاسی هەڵمەتەکانی خاچدروشمان لەسەر شارەکانی هەرێمی جەزیرە**

هەڵمەتەکانی خاچدروشمان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا کاریگەری گەورەی بەسەر ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە داهەبوو، گۆرانی سیاسی لە ناوچەکەدا روویدا، لە ماوەی گەیشتنی هەڵمەتی خاچدروشمان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، ڕەوشی سیاسی ناوچەکە خراپ بوو، بە تایبەتی لەرووی سیاسیەوە پەرتەوازەیی و ناکۆکی و ململانێیی نێوان هێزە سیاسیە دەسەڵاتدارە جیاوازەکان، کە هە ریەکەیان لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئامانج و بەرژەوەندی خۆیان لەسەر حسابی ئەوی دیکە بەدی بهێنێت (ابن الأثیر، 2004، 32/9؛ رانسیمان، 1994، 34/2)، واتا هێزیکی سیاسی ئەوتۆ نەبوو بۆ ئەوەی رووبەروویان ببێتەوە.

لە هەمان کاتدا هە ردوو خیلافەتی ئیسلامی لە ململانێدا بوون، لەو پەری لاوازیدابون هە ریەکەیان لە ژێر دەسەڵاتی وەزیر یاخود میرێکدابوون و رکابەرایەتی مەزهەبی نێوانیان ئەوەندە بەهێز بوو لەگەڵ گەیشتنی خاچدروشمان، فاتمیەکان هەوڵیاندا دەست بەسەر قودس بگرن، بەهۆی ئەوە ئورتقیەکان بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی جەزیرە نیشتەجی بوون و سەلجوقیەکانیش توانیان دەست بەسەر ناوچەکانی شامدا بگرن (عاشور، 1964، 26-27؛العرینی، د. س، 446/1؛ حبشی، د. س، 10).

خاچدروشمان ئاگاداری ئەو ناکۆکی و ململانێیانە بوون کە لە نێوان هێزو دەسەڵاتدارانی ئیسلامیدا هەبوو، هەوڵیاندا ئەو ڕەوشە بقۆزنەوە و بتوانن سود لەو ڕەوشە وەربگرن لە پاریزگاریکردن لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بۆ هینانەدی سیاسەتی فرازانخوازی، بەتایبەتی ئەوکاتەی بەهانای شاور چوون دژ بە سوپای نورەدین محمود (559ك/1163ز)، چونکە هەستیان کرد ئەوە مەترسیە بۆ سەر قەوارەی ئەوان(ابن کثیر، 1998، 16/ 421-422؛ نوری، 1976، 77).

sjh@univsul.edu.iq

لە هەندێك كاتدا دەسەڵاتە خۆجێیەکانی هەرێمی جەزیرە ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبوو، ئەوەش بووە هۆی لەیەکدوورکەوتنەوە و کاریگەریەکی نەرێنی بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەبوو، چونکە بەئاسانی خاچدروشمان توانیان بگەن بە ناوچەکان و دەستی بەسەردابگرن لەکاتی هێرشی خاچپەکان بۆسەر شاری حەڕان میرە سەلجوقیەکان لەنێو خۆیاندا لە ململانێدا بون، بەتایبەت هەردوو میری سەلجوقی برکیاروق و محمدی برای، ئەمەش ببووە هۆی دووبەرەکی و جیاکاری نێوان موسڵمانان، ئەوململانێیە نزیکە ی(5)

پێنج ساڵی خایاند(492-497ك/ 1098-1103ز) ئەوەش ڕێك ئەوماوە یە بوو خاچ دورشمەکان بەرەو ناوچەکە پێشڕەویانکرد(ابن القلانسی، 1908، 137-143؛ یوسف، 1988، 112؛ العبایچی، 2018، 104).

ئەو سەرکەوتنە خیراو یەك لە دوا یەکانەی خاچدروشمان لە ماوەی هەڵمەتی یەکەم بەدەستیان هینا، تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ بە هێزی و یەکگرتویی و بەتوانایان، بەڵکو دەگەڕایەوە بۆ بێ هێزی و لاوازی هێزە موسڵمانەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا بە تایبەتی هێزی سەلجوقیەکان، هە رچەندە توانیان لە شەری ملازگرد (463ك/1071ز) بەسەر بیزەنتیەکان دا سەرکەون، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو لە ساڵی (491ك/1098ز) بەرەولاوازی چوون، بەهۆی ململانێی نێوان میرەکانیان، ئەوەش بووە هۆی تێکچوونی ڕەوشی عیراق، شام و جەزیرە و بووە هۆی دامەزراندنی ڕژێمی ئەتابەکیەت (عاشور، 1964، 26).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستکردن بە مەترسی هەڵمەتی خاچدروشمان بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، چەشنێك لە باوەربوون بە یەکێتی و یەکگرتویی لێ دروست بوو لەوانەش دەرکەوتنی ئەتابەکیەتی زەنگی و دەولەتی ئەیوبی بوون، مانەوەیان وابەستەبوو بە بیرۆکەی جیهادی دژ بە مەترسی خاچدروشمان و دوورخستنەوەیان لە ناوچەکانی رۆهەلاتی ئیسلامیدا (عاشور، 1964، 105). ئەو ڕەوشە وایکرد، خاچدروشمان بتوانن ئامانجەکانی خۆیان لەهاتنیان بۆ ناوچەکە بهێننەدی و بتوانن چەند میرنشینێك دابمەزرێنن، لەوانە میرنشینی روها بە دامەزراندنی ئەو میرنشینە بووە هۆی جیابوونەوەی باکوری عیراق لە باکوری شام (عبدالله، 1983، 175)، تەنانەت ئەو پەرتەوازەییەی لە نێوان هێزە موسڵمانەکاندا بوو رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر رووبەرووبونەوەی تاکلایەنی دژ بە خاچدروشمان، نمونەی ئەمەش لە شاری ئەنتاکیا بەرچاو دەکەوێت، هە رچەندە یاغی سیان داوای بەهاناوەچوونی لەفەرمانڕەوای موصل و میرەکانی تری سەلجوقی لەناوچەکانی شام کرد، ڕەزوان خاوەنی حەلەب وبراکەی دوقاق، تغتکین، کربوقا بن ارتق خاوەنی ماردین و ئەرسەلان خاوەنی سنجار بەرەو ئەنتاکیا بەڕێکەوتن (ابن القلانسي، 1908، 134؛ ابن الجوزی، 2013، 19/ 491)، بەڵام ئەمانە لەکاتی خۆیدا نەیانتوانی بگەن، ئەوەبوو کاتێك گەیشتنە شارەکە کەوتبووە ژێردەسەڵاتی خاچ دورشمەکان (ابن الأثیر، 2004، 8/ 421-422). سوپای موسڵمانان هەوڵیاندا ئەو شارە لە دەستی خاچدروشمان بپارێزن، هە رچەندە لە سەرکەوتنیشەوە نزیك بوون، بە ڵام دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان هێزی بەشداربوو، بووە هۆی ئەوەی شکست بهێنن، جگە لەوەی چاوتێبرێن و ئیرەیی و رکابەری نێوان سەرکردەکانی هێزی موسڵمانەکان وایکرد سوپاکە پەرتەوازە بیت (ابن الأثیر، 2004، 8/421-422؛ رانسیمان، 1994، 34/2). لەگەڵ ئەوەی ڕەوشی سیاسی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ڕەوشێکی نالەباربوو، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا لە سەر ئاستی تاکەکەسدا هەوڵی ئەوەدراوە دژ بە هەڵمەتەکانی خاچدروشمان بووەستنەوە و تارادەیەکیش توانیویانە سەرکەوتن بەدەست بهینن(ابن الأثیر، 2004، 9/33-34؛رانسیمان، 1994، 72/2) بەنمونە یەکگرتنی سقمان و جکرمش، بووە هۆی ئەوەی بەرەیەکی یەکگرتووی بە هێز لە نێوان هێزو دەسەڵاتە موسڵمانەکانی شارەکانی هەرێمی جەزیرە دابمەزرێت (ابن الأثیر، 2004، 9/32-33)، هەر بۆیە لە رووبەرووبونەوەی ئەو بەرەیە لەگەڵ خاچدروشمان توانیان سەرکەوتنیکی

گەورە بەدەست بهێنن. بەرگریکاری لە ناوچەکانی خوارووی هەرێمی جەزیرە دەستی پێکرد، بە هۆی نزیکی لەشاری روها، کە یەکێك بوو لە میرنشینەکانی خاچدروشمان، بە تایبەتی دوای ئەوەی دانیشتوانی خوارووی هەرێمی جەزیرە درکیان بەوە کرد خاچدروشمان بەرەو ناوچەکانی ئەوانیش هە نگاو دەنێن، بۆیە ئەو مەترسییە بووە هۆکارێکی گرنگ بۆ خۆئامادە کردن لە بەرگری کردن دژی خاچدروشمان (حبشی، د. س، 12). لەساڵی(503ك /1109ز) هەریەکلە میر رەزوان میری حلب(488-507ك/1095-1113ز) و نجم دین ئیلغازی (502-516ك/1108-1122ز) میری ماردین، هەوڵیاندا هێرش بکەنە سەر موڵکەکانی تانکریدی

نۆرمانی (468- 506ك/1075-1112ز)لە ناوچەی روها، بەڵام بە هۆی ناکۆکی نێوانیانەوە لەم کارەدا سەرکەوتو نەبوون(حبشی، د. س، 12). گەیشتنی خاچدروشمان بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، بووە هۆی نارەزایی موسلمانان وچەشنێك لە کۆدەنگی بۆبەرەنگاربوونەوە، ئەوەبوو دەنگیان بە خیلافەتی عەبباسی لە بەغدادگەیشت، بۆئەوەی بەدەنگ ئەو ناوچانەوە بچن کە رووبەرووی هەڵمەتی خاچدروشمان بونەتەوە، بۆئەو مەبەستە لە مزگەوتەکان دەستیان کرد بە کۆبونەوە و داوایان لە خەلیفە کرد سیاسەتێکی ئەرینی بگرێتەبەر دژ بە هەڵمەتەکان، ئەو هەوڵانەش دەچنە چوارچیوەیەکی تاکەکە کەسی (عاشور، 1964، 27)، لەرووی سیاسیەوە هەڵمەتی خاچدروشمان بووە هۆی دەرخەری ئەوەی کە هە ردووخیلافەتی عەبباسی و فاتمی ناتوانن رووبەرووی هەڵمەتی خاچدروشمان ببنەوە(عبداللە، 1983، 174).

هە رچەندە ئەو هەوڵانەش لە ئارادابوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی یەکگرتویی لە نێوان هێزە موسڵمانەکانی هەموو ناوچەکەدا نەبوو، بۆیە سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەیان بەدەست نەهێنا بۆ دەرکردنی خاچدروشمانی ناوچەکە، کە دەبوایە یەکگرتنێکی گەورە لە نێوان هەموو هێزەکانی شام و جەزیرە، باکور و ڕۆژهەڵات و هێزەکانی میسر لە باشور پێکبهێنن، بۆئەوەی بتوانن لە هەموو لایەکەوە ئابلوقەی خاچدروشمان بدەن، بە شێوەیەك لە هیچ لایەکەوە نەتوانن جولە بکەن، بەڵکو تاکە ڕێگا بۆ رزگاربوونیان ڕێگای دەریا بێت، بۆئەوەی لەو ڕێگایەوە بگەڕێنەوە ڕۆژئاوا (عاشور، 1964، 27؛یوسف، 1967، 25-26).

هە رچەندە هەوڵی تاکە کەسی درا بۆئەوەی دژ بە هەڵمەتەکانی خاچدروشمان بووەستنەوە، بەڵام ئەوە بەتەنها بەس نەبوو تا بتوانن بەتەواوەتی کۆتایی بە هێزی خاچدروشمان بهێنن لەناوچەکەدا، بەڵکو پیویست بوو بەرەیەکی یەکگرتووی هاو ئامانج دروستبێت، بۆئەوەی بتوانێت دژ بە مەترسی خاچدروشمان بووەستنەوە. دوای ئەوەی میر و فەرمانڕەوایانی موسڵمان بۆیان دەرکەوت کە ئەو دابەش کاریی و پەرتەوازییەی لە نێوانیاندا هەیە، بۆتە هۆی ئەوەی خاچدروشمان فراوانخوازی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا بکەن و ناوچەیەکی زۆر بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، ئەم رەوشەش پێویستی بە دەرکەوتنی کەسایەتی بە هێزو بەتوانا هەبوو، موصل لە خوارووی هەرێمی جەزیرە رۆلیکی کاریگەر و مێژوویی بینیوە لە ڕووبەڕووبونەوەی خاچدروشمان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی هێڵێکی بەرگری ستراتیژی لە نێوان موصل وحەلەب و ئەو ئەتابەکیانەی لە موصل فەرمانرەوایەتیان گرتۆتە دەست لە ژێر سەرپەرشتیاری سەلجوقیەکان، هەریەك لە کربوغا (489-495ك/ 1095-1100ز) و جکرمش (495-500ك/1100-1106ز) (جاولی سقاوە 500-503/1106-1108ز).

لەدوای کوژرانی مودود کەسایەتی عماددین زەنگی رۆلیکی کاریگەری لە رووبەرووبونەوەی خاچدروشمان بینی، بە تایبەتی دوای ئەوەی توانی شاری روها بگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتداریەتی موسڵمانەکان ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان موصل لە باشوری جەزیرە وحلب لە باکوری شام لەو کاتە جوسلینی دووەم فەرمانڕەوایی ئەوشارەی دەکرد کەسایەتیەك بوو گونجاو نەبوو بۆئەوەی ئەم شارە بەڕێوە ببات هاوشیوەی جوسلینی باوکی، عماددین لەسەرەتادا ئاگربەستی لە گەڵدا بەست، بۆئەوەی ئەوە نیشانی خاچدروشمان

بدات، کە نیازی ئەوەی نیە رووبەرووی ئەوان ببێتەوە، لە هەمان کاتدا ئامانجی لەم ئاگربەستە ئەوە بوو بتوانێت سوپایەکی بە هێز کۆبکاتەوە، لە ساڵی (539ك/1144ز) توانی لەو ساڵەدا دەست بەسەر شاری روهادا بگرێت دوای ئەوەی جوسلینی دووەم (513ك/1119ز) ئەو شارەی جێهێشت (عوض، 2002، 29-30).

عماددین زەنگی، کە بوو بە ئەتابەکی موصل لە ساڵی(522ك/ 1128ز)حەلەبی خستە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە (ابن الأثیر، د. س، 37)، دواتریش لە ماوەیەکی کەمدا توانی ناوچەکانی حمص و حما بگرێ وتوانی بەرەیەکی ئیسلامی یەکگرتوو پێك بهێنێت، لە

باکوری شام بۆ باشوری هەرێمی جەزیرە و سنورەکانی عێراق و ئەو بەرە یەکگرتووە بووە هۆی بەدەستهینانەوەی شاری روها لە ساڵی (539ك/1144ز)، کە یەکەم میرنشینی خاچی بوو لەهەرێمی جەزیرە دامەزرا، نەمانی ئەو شارە لە ژێر دەسەڵاتی خاچدروشمان بووە سەرەتایەك بۆ نەمانی قەوارەی خاچدروشمان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات (ابن الأثیر، د. س، 67؛عاشور، 1964، 29؛ یوسف، 1967، 27؛الرومی، د. س، 460/2).

لە دوای ئەویش نورەدین محمود رۆلێکی کاریگەری لە رووبەرووبونەوەی هەڵمەتەکانی خاچدروشمان بینی، بەتایبەتی دوای ئەوەی درکی بەوە کرد، ئەو بەرە یەکگرتوەی باوکی پێکی هێنابوو، کە تەنها بەشێکی خواروی جەزیرەو باکوری شامی پێکدەهێنا،

بەس نیە، بۆ ئەوەی موسڵمانەکان کۆتاییە هەڵمەتەکانی خاچدروشمان بهێنن، بەڵکو پێویستیان بە پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووە کە لە فوراتەوە درێژببێتەوە بۆ نیل، بۆیە هەمان ڕێبازی باوکی گرتە بەر، بە دەستگرتن بەسەر ناوچەی دیمەشق دەستی پێکرد، کە بەسەرەتایەك دادەنرێت، بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتداریەتی خاچدروشمان، بەتایبەتی فەرمانرەوایانی دیمشق بەربەستێك بوون بۆ ڕووبەرووبونەوە دژ  بە خاچدروشمان (ابن القلانسي، 1908، 248؛ ابن الأثیر، د. س، 106-107).

یەکێك لە سیما گرنگەکانی رووبەرووبونەوەی نورەدین لەگەڵ خاچدروشمان، بووە هۆی دەرکەوتنی سەلاحەدینی ئەیوبی کە بە کەسایەتیەکی دیاری مێژووی هەڵمەتی خاچدروشمان دادەنرێت، و هاوشیوە ی کەسایەتیەکانی پێشوو، بەردەوام بوو لەسەر پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە هەموو ناوچە ئیسلامیەکان، بە تایبەتی لە هەرێمی جەزیرە و شام و میسر، بۆ ئەوەی بتوانێت ببێت بە درێژەپێدەری بیرۆکەی جیهاد دژ بە خاچدروشمان، لەو کارەشیدا سەرکەوتوو بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی توانی سەرکەوتنێکی گرنگ بەسەر سوپای خاچدروشمان بەدەست بهێنێت لە شەری حەتین (583ك/ 1187)، بەماوەیەکی کەم توانی خاچدروشمان لە بەیت مەقدس دەربکات، بەو شێوەیە هەموو هەڵمەتەکانیتری خاچدروشمان  بەسەرکەوتنی هێزە موسمانەکاندا شکایەوە (عاشور، 1964، 31-32؛ یوسف، 1967، 29).

لەماوەی هەڵمەتی خاچدروشمان ژمارەیەکی زۆر لە مەسیحیەکان بەناوچەکانی ڕۆژهەلات گەیشتن، بەمەبەستی بەدەست هێنانەوەی زەویە پیرۆزەکان، هەرب ۆیە بانگەشەی جیهاد لە پێناو خودا بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان دادەنرێت، کە بەشێك لە دەسەڵاتدارانی موسڵمان توانیان ئەنجامی بدەن دژ بە خاچدروشمان، لەو رێگەیەوە توانیان سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنن و دەریان بکەن لەناوچەکان وتێکدانی ئەو قەوارانەی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا هە یانبوو، لەوانە عمادەدین زەنگی لەدوای خاچدروشمان پێیان وابوو مانەوەیان بەندە بە قەڵاو قولغەکان وتاوەکو بەردەوام بن لە خۆڕاگری و بەرگری لە قەڵاکان ئەوا مانەوەیان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بەردەوام دەبێت، لەڕێگەی قەڵاکانەوە پارێزگاری لە قەوارەی خۆیان بکەن لە سەر حسابی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات (عوض، 1995، 41)، هە ر بۆیە بەهەموو شێوەیەك کاریان دەکرد بۆ بەرگری و پارێزگاریکردن لێیان و ئەو کاتەی

sjh@univsul.edu.iq

قەڵاکان لە ژێر دەسەڵاتیان نەما لەوکاتەوە خاڵی لاوازی خاچدروشمان بەدیارکەوت، ئەوەش ئاماژەیەکی روون بوو بۆ نەمانی خاچدروشمان هەروەك ڕادەستكردنی قەڵای ئەلبیرە بۆ ئورتقیەکان (502-811ك/1108-1410ز) (حسام دین تیمورتاش)(516-547ك/1122-1152ز) خاوەنی ماردین لەترسی ئەوەی نەوەکو عماددین جاریکی تر بگەرێتەوە لە دوای لە دەست دانی شاری روها لەساڵی (539ك/ 1144ز)ب ەدەستی عماددین زەنگی (ابن العبری، 1991، 159).

شتانیك كە هێزە موسڵمانەکان توانیبیتیان سودی لێبینن بریتی بوو لە دروستبوونی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی نیشتمانی بووە هۆكارێك بۆ جیهانی ئیسلامی و بانگەشەکردن بۆ جیهاد و پاراستنی ئایین و دەرکەوتنی چەندین سەرکردە لەو پێناوەدا، لەوانە عمادەدین زەنگی، نورەدینی کوری و دواتریش سەلاحەدین (المطوي، 1982، 169).

هەروەها قەڵا و قولغەکان ڕەوشێکی ناسەقامگیری کۆمەڵایەتییان بۆ موسڵمانان لە هەرێمی جەزیرە دروستکرد، کە لە پرسی دیلەکاندا سوودیان لێ وەرگرتووە، کە سەربازە خاچدروشمەکان و سەرکردەکانیان لەلایەن موسڵمانانەوە گیران و لەو قەڵایانە زیندانی کران. پاشان خاچدروشمەکان پەنایان بردە بەر دانوستان بۆ ئازادکردنیان و زۆرێك لە زیندانییە موسڵمانەکان لە بەرامبەر ئازادکردنی دیلەکانی خاچدروشمان ئازادکران. بۆ نموونە نزیکەی سەد زیندانی لە بەرامبەر ئازادکردنی جۆسلینی یەکەم لە گرتوخانەی قەڵای جعبر لە ساڵی (502ك/ 1102ز) ئازاد کران (ابن العبری، 1991، 131).

هەڵمەتی خاچدروشمان بووە هۆی بە هێزکردنی پێداویستی و شیوازەکانی شەرکردن، ریگاکانی گەمارۆکان و تێکدانی قەڵاو قولغەکان و شوراکان (المطوي، 1982، 70)، رۆژئاواییەکان بەر لەگەیشتنی هەڵمەتەکانیان پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیبوو، لەو بیرۆکانەی تایبەت بوون بە قەڵاو قولغەکان، بۆیە دەستیان کرد بە دروستکردنی قەڵاکان هاوشێوەی ئەوانەی لە ئەوروپا هەبوون، بۆیە موسڵمانەکان دەستیانکرد بە بەکارهێنانی مەنجەنیق بۆ تێکدانی شوراو تاوەرەکان، لە خاچدروشمان بەتوانتربوون لە چوونە نێو شوراکان و تێکدانیان، شاری ئەنتاکیا هە شت مانگ دوای گەمارۆدان خۆی بەدەستەوە نەدا، تا ئەوکاتەی یەکێك لە کەسایەتیەکان بە ناوی فیرۆز پاریزەری تاوەرەکان بوو خیانەتی لە هێزە موسڵمانەکان کرد (المطوي، 1982، 70).

ئەنجامدانی بیرۆکەی جیهاد کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خاچدروشمان رووبەرووی سوپای موسڵمانەکان ببنەوە لەو رێگەوە توانیان کۆمەڵێك بیروباوەر و شیوازی مامەڵەکردنی سەرکردە موسڵمانەکان لە یەکسانی و بەزەیی بزانن و ڕەنگدانەوەی لێبوردەیی موسڵمانەکان بوو، ئەوەش وای کرد ژمارەیەکی زۆر لە خاچدروشمان باوەر بەئایینی ئیسلام بهێنن (الرومي، د. س/ 2/ 464).

ئاموری دی لاروش سەرۆکی سوپای پەرستگابوو لە ساڵی (664ك/ 1266ز) داوای لە پاپاکرد، رێگە بەوە نەدات کەسی هەژارو بێ توانا و پیر بێنە ڕیزەکانی سوپای خاچدروشمان لە ڕۆژهەڵات، چونکە ئەوانە یان نەخۆش دەکەون یان دەستگیر دەکرین یاخود لەلایەن عەرەبەکانەوە وایان لێدەکەن واز لە ئایینەکەی خۆیان بهێنن (ارنولد، 1971، 112)

**تەوەری سییەم: کاریگەری ئابوری**

sjh@univsul.edu.iq

ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لـە مـاوەی سـەدەی (7ك/ 13ز) فشـاریکی زۆری سیاسـی و شـەری بـەخۆوە بینیـوە لەوانـەش هەڵمەتـەکانی خاچدروشـمان و بـەرفرەوانی هەڵمەتـەکانی کاریگەریـەکی روون و بـەرچاوی هـەبوو، بەسـەر پەرەسـەندنی پەیوەندیـەکانی نێـوان ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ورۆژئاوای ئەوروپی و ڕەنگدانەوەی بەسەر میژووی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەبوو.

بە هۆی بەردەوامی هێرشە یەك لە دوایەکەکان بۆ ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە، کاریگەری هەبوو لەسـەر خراپـی بـاری ئـابوری دانیشتوانی ناوچەکە و بەرزبوونەوەی نرخ و بوونی ڕووداوە سروشتیەکان لەو کاتەدا کاریگەریان هەبوولە سـەر بژێـوی دانیشـتوانی ناوچەکە (خلیل، 1980، 442؛نوری، 1976، 357).

بەشـێوەیەکی گشـتی هەڵمەتـەکانی خاچدروشـمان بـۆ ناوچـەکانی ڕۆژهـەڵات و هـەرێمی جـەزیرە بەتایبـەتی بریتـی بـوو لـە بڵاوکردنەوەی ترس و تـۆقین و کاولکـاری، خـوێنی ژمارەیـەکی زۆری دانیشـتوانی بێتـاوانی شـارەکانیان ڕشـت و ئـەو توندوتیژیـەی خاچدروشمان لە ناوچەکان ئەنجامیاندا بووە هۆی تورەیی و ڕق لێبونەوەی ڕەگەزە جیاوازەکان لە بەرامبەر خاچدروشمان.

بە گەیشتنی خاچدروشمان بۆ ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە و دەست گرتن بەسەر شارەکاندا کاولکاری و ترس و تۆقینێکی زۆریـان لە نێو شارەکاندا بڵاو کردەوە، ئەوەش بووە هۆی کۆچ کردنی دانیشتوانی ناوچەکان و تێکچوونی ڕەوشی ئابوری و چۆلکردنی زەویـە کشتوکالیەکان و کەمبوونەوەی خۆراك و بەرزبوونـەوەی نـرخ، تەنانـەت کاریگـەری لـە سـەر لایـەنی تەندروسـتی و بـڵاو بونـەوەی نەخۆشی هەبوو (ابن القلانسي، 1908، 134؛ الرویضي، 1997، 239).

شـاری حـەڕان لەڕەوشـیکی ناهـەمواردا بـوو بـەهۆی هێرشـەکانەوە، چونکـە کێڵگـەکانیان تیکـدەدان و کیشـەیان بـۆ بازرگانـەکان دروسـتکرد (ڕانسـیمان، 1994، 2/71-72)، بەشـێوەیەك ئـەو ڕەوشـە کاڕیگـەری لەسـەر دەروونـی خەڵکەکـە هـەبوو، هیچیـان دەستنەکەوت لەو بەرهەمانەی کە چاندبویان، کەس نەبوو پاریزگاریان لیبکات بۆیـە چیتـر کـاری کشـتوکاڵیان نـەکرد، برسـیەتی لـەناو خەڵکی حەڕان بڵاوبۆوە، وەك ئەوەی بلدوین دەیویسـت بـووە هـۆی ئەنجامـدانی ڕاپـەرین دژ بەقراجـەی فـەرمانڕەوایان (ابـن الأثیـر، 2004، 32/9).

خاچدروشمان لە ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە و کەناراوەکانی شام دەستیان کرد، بە تالانی و سوتاندنی شوێنەکان و کوشتنی منـدال و گەورە و ئافرەت، بێ هیچ بەزەییەك دەستیانگرت بەسەر شـارەکان و گونـدەکان و قـەڵاکان (ابـن قلانسـی، 1908، 135-137؛ ابـن الأثیر، 2004، 8/ 421، 423، 451؛ ابن العدیم، 1996، 241، 244؛ الشـارتری، 2001، 103-104)، دەسـتیان بەسـەر خـۆراکی خەلکەکەدا گرتوو ئاویان لێ برین (ابن العدیم، 1996، 244)، لەو ڕەوشـەی ڕووبەڕوویان بۆوە موسڵمانەکان ناچار بوون شـوینەکانی خۆیان چۆل بکەن و زەویەکانیان جێبهێڵن و واز لە کشتوکاڵکردن بهێنن لە زەویەکانیان بۆ خاچدروشمان، بەتایبەتی دانیشـتوانی شـاری حەران (الرویضی، 1997، 239)، خەلکەکە بێزاربوون هەرچەندە داواکاریەکی زۆریان لـە خەلیفـە و سـوڵتانی سـەلجوقی کـرد، بـێ ئەوەی هیچ ئەرزشێکی هەبێت و بەپیر داواکاریەکان بچن (سبط ابن الجوزی، 2013، 19/ 490).

لێرەوە دەشێ بڵێین یەکێك لە کاریگەریەکانیتری هەڵمەتی خاچدروشمان بـۆ هـەرێمی جـەزیرە، بریتـی بـوو لـە دارمـانی ئـابوری، ئەوەش بە هـۆی درێژەکێشـانی مانـەوەی خاچدروشـمان لـە ناوچەکـەدا، هەرچـەندە شـەڕ لـە نێوانیانـدا بـەردەوام بـوو، بـەڵام لەلایـەن دەسەڵاتدارانی هەردوولا و پێویستی ئاڵوگۆری ئابوری وای دەخواست سەرباری ڕەوشەکە ئاڵوگۆری بازرگانی لە نێوانیاندا بـەردەوام بێت (ابن القلانسي، 1908، 164، ابن جبیر، د. س، 260-261، 271).

لەم بارەیەوە ابن جبیر دەڵێت: " کاروانی بازرگانی هەمە چەشن بەبەردەوامی لە میسرەوە دەچوونە دیمشق و لەوێشەوە بەرەو وڵاتی فەرەنگ، بەهەمان شێوەش کاروانی موسڵمانەکان لە دیمەشقەوە بەرەو عەککا دەڕۆیی، مەسیحیەکان لە وولاتی خۆیاندا باجێکیان لە موسڵمانەکان وەردەگرت و بازرگانە مەسیحیەکانیش لە وڵاتی خۆیاندا باجێکیان لە موسڵمانەکان وەردەگرت، بازرگانە مەسیحیەکانیش لە وڵاتی موسڵماندا باجیان لەسەر کاڵاو شمەکەکانیان دادەنا، لەوبارەوە ڕێکەوتنی گونجاو لە نێوان هەردوولادا هەبوو، خاوەن شمشێرەکان بەشەڕەکانیانەوە خەریکبوون ڕەوشی خەڵکیش باش و ئاسایی بوو دنیاش بۆ خودا پێداوەکانە" (د. س، 260).

کەواتە لەوکاتەدا پێوەندی نێوان کۆمەڵگای موسڵمانان وخاچدروشمان لەسەدەی شەشەمی کۆچی/دوانزەمی زایینی و دواتردا تەنها بریتی نەبووە لەشەڕ و ململانێی، هەرچەندە هەردوولا لە سەرەتا زیاتر هۆکاری ئایینی و پاراستنی بیروباوەڕ بەسەریاندا زاڵبووە، بەڵام ئەم پەردە پۆشە ئایینییە بەرەو کزی چوو، چاوتێبرین و پاراستنی بەرژەوەندی لە هەردوولاوە شوێنی گرتەوە، سەرچاوەی سەرەکی ئەم پێشکەوتنە نوێیەش دەستپێکردنەوەی پەیوەندی و ئاڵوگۆری بازرگانی بوو، بەم شێوەیەش کاروانە بازرگانیەکان لە نێوان هەردوولادا بەشێوەیەکی بەرز دەنرخێنران یاخود سەیر دەکران (الحبشی، د. س. 150).

هەڵمەتی خاچدروشمان کاریگەری کردۆتە سەر بازرگانی موسڵمانان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەتایبەتی ئامانجی بازرگانی ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە پالپشت یکردنی شارە بازرگانیەکانی ئیتالیا لە هەڵمەتی خاچدروشمان، کە خۆی دەبینیەوە لەو مافانەی لەناوچە کەناراویەکانی ڕۆژهەڵات بەدەستیان هێنا (رانسیمان، 1994، 42/2-43)، ئەو شارانە ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە داگیر کاری و بوون بە داگیرگەی بازرگانی ڕۆژئاوا.

ئەم داگیرگانە بووە هۆی چالاکی بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، چالاکی بازرگانە ڕۆژئاواییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کەناراوەکانی دەریای سپی ناوەراست لە ماوەی فەرمانرەوایی خاچدروشمان پەرەیان سەند (لویس، 1954، 218).

زیاد بوونی چالاکی بازرگانی بووە هۆی کۆبونەوەی سامانێکی زۆر و کاریگەری بەسەر خەلك و ناوچەکەدا دروستکرد، بە تایبەتی بازرگانە ئەوروپیەکان جێگیربوون لەو ناوچە بازرگانیانەی بۆیان دیاریکرابوو لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و دەستیان بە چالاکیەکی بەرفرەوان لە نێوان رۆهە لات و ڕۆژئاوادا کرد (عاشور، 1964، 103).

زۆری قەبارەی بازرگانی گەشەسەندنی بازرگانی لە ماوەی هەڵمەتی خاچدروشماندا، بووە هۆی دەرکەوتنی ڕێگای بازرگانی نوێ لە دەریا و وشکانی، بەتایبەتی لە دەریای سپی ناوەراست، خاچدروشمان توانیان دەسەڵاتداریەتی خاچی بەسەر ئەو دەریایە بسەپێنن کە لە پێشوتردا لە ژێر دەسەڵاتداریەتی موسڵمانەکاندا بوو لە ماوەی نێوان سەدەی نۆو کۆتایی سەدەی یانزەهەم (جمیعان، د. س، 170).

هەڵمەتەکانی خاچدروشمان تەنها بریتی نەبوو لە هێرش وململانێی سەربازی بەردەوام، بەڵکوو خاچدروشمان کە لە رەگەزی جیاواز پێك هاتبوون هە ندێکیان بە شیوەیەکی کاتی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات جێگیربوون وهە ندێکی تریان بە شیوەیەکی بەردەوام جێگیر بوون و تیکەڵاویان لەگە ڵ دانیشتوانی ناوچەکان دروست کرد، بووە هۆی ئەوەی پەیوەندی لە نێوانیان دروست بێت بەهۆی درێژی ماوەی هەڵمەتەکانی خاچدروشمان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات.

لە رووی کارگێری و کۆمەلایەتیـەوە، چونکـە موسـڵمانەکان رقیـان لـە خاچدروشـمان بـوو، بۆیـە هـە ولیـان نـەداوە کاریگـەر بـن بـە خاچدروشمان لە رووی بەریوەبردن و کۆمەلایەتیەوە (عاشور، 1964، 105).

دوای ئەوەی خاچدروشمان بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات گەیشتن، توانیان چەندین میرنشین دابمەزرێنن، لە دوای ئـەوە دەسـتیان کـرد بـە نیشتەجێبوون لەو ناوچانەی دەستیان بەسەرداگرتبوو، ئـەو خاچدروشـمانەی لـە ناوچـەکانی موسـڵمانەکاندا نیشـتەجێ بـوون لـە ڕووی ئایینی، ئابوری، سیاسی و کۆمەلایەتەوە لە یەکتریەوە جیـاواز بـوون و موسـڵمانەکان درکیـان بـەوەکرد هاتونەتـە ناوچەکـە بۆئـەوەی دەستبەسەر ئابوری ناوچەکـەدا بگـرن، بەتایبـەتی لایـەنی بازرگـانی دوای ئـەوەی کـە بەشـێکی هـەرێمی جـەزیرە و بەشـێك لـە رێگـا بازرگانیە گرنگەکانی نێوان کیشوەری ئاسیاو ئەوروپای ناوەراستی پیادا تێپەردەبێت، بۆیە گرنگیەکی تایبەتی هەبوو، خاچدروشمان

دەیانویست بە هەرشیوەیەك بێت دەست بگرن بەسەر خاك و ئاو و دانیشتوانی ناوچەکە و دەرکردنیان تەنانەت شوێنپێی خۆیان قایمکرد لە سەر بنەمای دروست کردنی قەڵاو قولغەکان، ئەوەش پالپشتیەك بوو بۆ جێگربونیان لە ناوچەکەدا (عوض، 2002، 22).

بلدوینی یەکەم (493-512/1100-1118ز) دوای ئەوەی توانی لە کەمترین کاتدا میرنشـینێك دابمـەزرێنێت، لـە دواتـردا بەشـێوەیەکی خیرا هەوڵیدا دەسـەڵاتداریەتی خـۆی بەسـەر ناوچـە کەناراویـەکانی شـام بسـەپێنێت، بـۆ ئەنجامـدانی ئـەو کارانـەش پشـتی بەیارمـەتی دەریاوانی شارەکانی ئیتالیا بەست، کە لە پاڵ پێشکەشکردنی پاڵپشتی دەریاوانی بۆ خاچدروشـمان ئامانجیـان بـە دەسـت هینـانی مـاف و جیاوکی بازرگانی تایبەت بوو، بـەو شـیوە ئـەو شـارانە دەسـتیان کـرد بـە تـاڵانی ڕۆژهـەڵات، لەمیانـەی هەڵمەتـەکانی خاچدروشـمان (عوض، 2002، 23) هەروەها بلدوینی یەکەم بۆئەوەی دەست بکات بـە دەسـتگرتن بەسـەر ناوچـە کەناراویـەکانی شـام پەیوەنـدی بـە ڕۆژئاوای ئەوروپاوە کرد، بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی دارایی بۆ ئـەو قەوارانـەی لـە ناچـەکانی شـام و هـەرێمی جـەزیرە دامـەزرابوون (عوض، 2002، 24).

لە ساڵی(512 ك/ 1118ز) بڵدوینی یەکەم هەولیـدا هێـرش بکاتـە سـەر ناوچـەکانی میسـر، ئـەوەش چـاوتێبرینی خاچدروشـمان ڕوون دەکاتەوە، کە ئەوانە نەك هەر تەنها مەبەسـتیان ناوچـەکانی بـەیت مەقدس بـوو، بـەڵکو مەبەسـتیان دەسـتگرتن بـوو بەسـەر زۆرتـرین ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، بۆ تاڵانکردنی بەرهەم و ئاوارەکردنی دانیشتوانە ڕەسەنەکان لە ژێر پەردەی ئایینی (عوض، 2002، 24).

قـەڵا و قولغـەکان کاریگـەریان بەسـەر لایـەنی کۆمەلایـەتی خەلکەکـەوە هـەبوو، هەریـەك لـە قـەڵاو قولغـەکان دوو رۆلیـان بینیـوە، هەندێکجار دەبوون بە شوینیك بۆ پاراستنی دانیشتوانەکەی، هەندێکجاریش دەبوو بە هۆکارێك بۆ ئاوارەبوونیان، بەتایبـەتی ئـەو کاتـەی خاچدروشمان گەیشتنە ناوچە کەناراویەکانی فورات، دواتر دەستیانکرد بـە بلاوبوونـەوە بـە ناوچـەکانی هـەرێمی جـەزیرە و تـالانی و سوتاندنی هە رشتیکی دەکەوتە بەردەستیان، بێ بەزەییانە منال و گەورە و ئافرەتیان دەکوشت (ابن القلانسي، 1908، 132).

لـەبواری کشـتوکاڵیەوە لـەماوەی هەڵمـەتی خاچدروشـمان، داواکاریـەکی زۆر لەسـەر بەرهەمـە کشـتوکاڵیەکانی هەرێمەکـە هـەبوو، بەتایبەتی گەنم و جۆ، خورما، کونجی، لۆکە، تری، گوێز و جۆرەها میوەی وەك پرتەقال، لیمۆ، سێو، هـە نجیـر، تـری، سـەوزەوات، پاقلەمەنیـەکان، گـول و ریحـان لـەگرنگترین بەرهەمـە کشـتوکاڵیەکان بـوو، لەرێگـەی چـالاکی بازرگـانی کـە لـە مـاوەی هەڵمـەتی خاچدروشـماندا پـەرەی سـەندبوو بـە شـێکی زۆر لـە ڕووەکـەکان و بەرهەمـە کشـتوکالیەکان و دارەکـان گواسـترایەوە لـە ناوچـەکانی ڕۆژهـەڵاتی ئیسـلامی بـۆ ناوچـەکانی ڕۆژئـاوای ئـەوروپا لەوانـە کشـمیش پیـازی سـەوز، لـە مـاوەی هەڵمـەتی خاچدروشـماندا

ڕۆژئاواییەکان ئاشنایەتیان پەیداکرد بە زەعفەران و بەکارهێنانی، کونجی یەکێکیتر بوو لەو بەرهەمانەی گواسترایەوە بۆ ئەوروپا هتد.... (جمیعان، د. س، 211-212).

قامیشی شەکر ڕۆلێکی کاریگەری بینیوە لە ئابوری ئەوروپا لە دەشتاییەکانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەراست بەرهەم دەهێنرا، بەیەکێك لە بەرهەمە گرنگەکان دادەنرێت کە گواستراوەتەوە ئەوروپا (جمیعان، د. س، 213).

هەرێمی جەزیرە بەهۆی ئەو پێکهاتە جوگرافیەی کە هە یبوو بە ناوچەیەکی گرنگ دادەنرا، بە تایبەتی دەکەوێتە نێوان کۆمەڵێك ڕێگای سەرەکیەوە و زۆربەی زەویە تەختەکان لە کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی رووباردایە و درێژ دەبێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات، ئەو هێزانەی لەوێ جێگیر بوون ڕێگەیان پێدرا ئەو ڕێگایانە کۆنترۆڵ بکەن کە عێراق و جزیرە بەیەکەوە دەبەستنەوە، تا دەگاتە بەندەرەکانی دەریای ناوەراست و ئەنادۆل (باقر، 2009، 1/ 61). هەروەها کەنارەکانی فورات ڕێگایەکی تێپەڕینیان پێکهێنا کە بە درێژایی ڕووبارەکە درێژ دەبووەوە و ڕێگایەک هەبوو درێژ دەبویەوە لە قەڵای سمیسات لەبەرەی باکور تاکو رقە لە باشور (عثمان، د. س، 272). هەروەها لە باکوری شاری مەلتییە ڕێگایەك لە نێوان قەڵای سمیسات و قەڵای نجم لە باشوری وحران لە ڕۆژهەڵاتیدا هەبوو (ابن حوقل، 1992، 190).

ئەم ڕێگایانە بە شادەماری گرنگ دادەنران لە بازرگانی وشکانی جیهانی و رووباری فورات بە ناوچەی بەیەك گەیشتنی کاروانەکانی هاتوو لە زەریای هیندی و کەنداوی عەرەبی لەلایەك ودەریای ناوەراست لە لایەکی ترەوە. (البجاری، 2020، 29؛عثمان، د. س، 272). خاچدروشمان هەر لەو کاتەی گەیشتنە شار و قەڵاکان، درکیان بەوە کرد ڕەوشی ئابوریان باش نابێت ئەگەر پەیوەندیەکی باش لەگەڵ هاوسێکانیان دروست نەکەن، ناتوانن بەتەنها چاوەڕێی ئەو یارمەتیانە بکەن و پشتیان پێی ببەستن، کە لە ئەوروپاوە بۆیان دەهات، کە خۆیی دەبینیەوە لە سەروەت وسامان بۆ دابینکردنی پێداویستی خۆراکی پێویست بۆ قەوارەی خاچدروشمان لە ناوچەکەدا دوای ئەوەی لە قەڵا و قولغەکان نیشتەجێ بوون، فەرمانیان بە جوتیارەکانی خۆیان کرد کشتوکاڵ بکەن لە ناوچەکان بەم شێوەیە توانیان لە قەڵاو قوڵغەکان خۆراک و پێداویستی بۆ تاکەکانی پارێزەرە سەربازییەکان دابین بکەن (بروار، 2001، 39؛ الساحلی، 2009، 367). جگە لەوەش خاچدروشمان دانیشتوانی مەسیحیەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان لە نێو قەڵاو قوڵغەکان هاندەدا بەردەوام بن لە کشتوکاڵ کردن، لە هەمو ئەو ناوچانەی گونجاوە بۆ کوشتوکاڵ، بۆئەوەی بتوانن بەرهەمی خۆراکی پیویست بۆ ژیانی ڕۆژانەیان دابین بکەن، بۆیە گرنگیان بە بەرهەمە کشتوکاڵیەکان دەدا (الساحلي، 2009، 367؛ البجاري، 2020، 117).

کاتێك خاچدروشمان دەستیان بەسەر شاری ڕوهادا گرت، ڕاستەوخۆ دەستیانکرد بە فراوانخوازی بەرەو ناوچەکانی دەووروبەری ئەو شارە، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی قەڵاو قوڵغەی مبووە و دەکەوتنە سەر ڕێگای نێوان میرنشینی ڕوهاو میرنشینی ئەنتاکیا لە ڕۆژئاوای فورات، لەدواتردا خاچدروشمان دەستیانگرت بەسەر ئەو قەڵایانەی لەسەر ئەو ریگایەدا بوون، وەك قەڵای سمیسات کە دەکەوتە ڕێگای ئەو دوو میرنشینە و درێژبوونەوەی دەسەڵاتیان تاوەکو قەڵای ئەلبیرە لەسەر ڕێگای نێوان ڕوها بۆ عینتاب لە ڕۆژئاوا، تەنانەت گەیشتن بە شاری ڕەقە ئەو شارە دەکەویتە سەر ریگای بازرگانی کە بە قەڵای سمیسات و حەڕان و ڕوها دا تێدەپەڕێت ولە ڕەقەوە ئەو ڕێگا بازرگانیە درێژدەبێتەوە لە ڕووباری فورات بۆ ڕۆژئاوای شاری بالس دواتریش بۆ حلب لەوێوەش بۆ دەریای ناوەراست (البجاری، 2020، 121).

دەستگرتنی خاچدروشمان بەسەر ئەو قەڵاو قوڵغانەی لە سەر ڕێگا بازرگانیەکان بە گرنگترین هۆکار دادەنرێت، بۆئەوەی پەیوەندی ئابوری لە نێوان هە خاچدروشمان و موسڵمانەکاندا دروستبێت جا ئەو ڕێگایانە بگەن بە شارەکانی هەرێمی جەزیرە یاخود ناوچەکانی

sjh@univsul.edu.iq

شام یاخود ناوچەکانی ئەرمەن یان ئیمبراتۆریەتی بیزەنتی (محمود، 1996، 16)، هەرچەندە خاچدروشمان بێگانەبوون لە ناوچەکان و شارەزایی ئەو ڕێگایانە نەبوون، بەڵام ئەرمەنەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان بینی لە ئاراستەکردنیان بەرەو ئەم ڕێگا بازرگانیە جیاوازانە و سوود وەرگرتنیان لە ڕووی ئابوریەوە (محمود، 1996، 17).

زەویەکانی دەوروبەری قەڵای سمیسات بە چالاکی کشتوکاڵی و بازرگانی ناسرابوون بە تایبەتی دوای ئاوارەبوونی ئەرمەنەکان لە شاری ڕوها بۆ سمیسات لەساڵی (507ك-1113ز)، هەر کە لەو قەڵایە جیگیر بوون دەستیان کرد بە کشتوکاڵ کردن (عاشور، 2010، 1/376).

زۆربەی زۆری قەڵا و قولغەکان دەکەوتنە بنکەی گرنگ، لەوانە قەڵای سمیسات بنکەیەکی بازرگانی گرنگ بوو بەهۆی ئەوەی دەکەوتە سەر ڕووباری فورات، بۆیە بە بەندەریکی گرنگ دادەنرا بۆ کەشتیوانی و سوود وەرگرتن لەم پیگەیە بۆ ئالوگۆری بازرگانی

دەریایی، تاوەکو بەغداد هەریەك لە ئدریسی و ئیبن خردازبە جەخت لەوە دەکەنەوە لە ڕووباری فوراتەوە لەوێشەوە کەشتی و ڕەفت (والاطواف) هەڵدەگرێت بۆ بەغدا، بەم شێوەیە هێڵی دەستپێکی کەشتیوانییە لە ڕووباری فورات (2002، 2/ 650؛ 1889، 174).

جگە لەم ریگایانە چەندین ریگا لە هەرێمی جەزیرە و رقە و سروج بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆیشتن و لە ئامەدەوە بۆ روها و لەویوەش بۆ مەلتییە و مەرعش و دلوك (الآدریسی، 2002، 2/ 650؛ عثمان، د. س، 246).

قەڵای جعبر بە هۆی ئەو پیگە گرنگەی هەیبوو ببووە بنکەیەکی بازرگانی گرنگ لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، خاچدروشمان ئەو شوێنەیان قۆستەوە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانیەکانیان لەگەڵ شار و قەڵاکانی دەوروبەر (عبدالعزیز، 2022، 13).

ئەو هێزانەی خاچدروشمان لە قەڵای ئەلبیرە جێگیر بوون هێرشەکانیان دەگەیشتە سەر شاری حەڕان، ئەوەش ئەو مەترسیە ڕوون دەکاتەوە کە قەڵاکان تا چەند کاریگەریان هەبوو بەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی لە ناوچەکەدا (عمران، 2000، 58).

قەڵاو قولغەکانی هەرێمی جەزیرە ڕۆڵ وکاریگەریەکی دیاریان بەسەر ڕەوشی ئابوری ناوچەکە هەبوو، چونکە پەیوەندی نێوان موسڵمانەکان و خاچدروشمان تەنها بریتی نەبوو لە شەڕکردن وململانێ سەربازی، بۆیە قەڵاو قوڵغەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لەڕووی سەربازی و ئابوریدا. چونکە ببووە کۆگایەک بۆ هەڵگرتنی پێداویستی و بەرهەمی کشتوکاڵی بەکارهاتوو، کە سەربازەکان لەکاتی جەنگدا پێویستیان بوو بە تایبەتی لە کاتی گەمارۆکان (البجاری، 2020، 115-116)، یاغی سیان لە کاتی گەیشتنی خاچدروشمان بۆ شاری ئەنتاکیا و گەمارۆدانی، توانی خۆی ئامادەبکات بۆ بەرگری لە ماوەیەکی دوورودرێژ دا، بۆ ئەو مەبەستە قەڵاکەی پرکرد لە سوپاو سەرباز و لە نێو شوراکانی شارەکە ئازوقەیەکی زۆری دانا (عاشور، 2010، 1/ 158-159).

گەنم بە گرنگترین بەرهەمی کشتوکاڵی ناوچەکە دادەنرێت، گرنگترین بەرهەمی کشتوکاڵی بوو کە لە هەرێمەکە و لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بڵاوبووەوە (بروار، 20001، 428)، بەتایبەتیی لە نزیك قەڵای سمیسات، هەروەها گوێز، ترێ و میوەی تر (ابن الشحنة، 1984، 198).

دەست گرتنی خاچدروشمان بەسەر ئەو قەڵاو قوڵغانەی لەسەر ڕێگا بازرگانیەکان بوون بە گرنگترین هۆکار دادەنرا چونکە ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیوە لە دروستبوونی پەیوەندی بازرگانی نێوان خاچدروشمان و موسڵمانان، جا ئەو ڕێگایانە دەچنە هەرێمی جەزیرە یاخود شام یاخود ناوچەکانی ئەرمەن یاخود ئیمبراتوریەتی بیزەنتی (البجاری، 2020، 121؛ محمود، 1996، 16).

خاڵی گومرگی لە دەرگای قەڵاو قوڵغەکاندا هەبوو بوونی نوسینگەی گومرگی لە نزيك القنطرة كه دەچیتە رووباری ئوردن لـە ریگـای بازرگانی بۆ دیمشق لەوێشەوە بۆ زەوی جەزیرە لە عیراق (الطحاوی، 1999، 140).

یەکێکیتر لە گرنگیە ئابوریەکانی قەڵاکان بریتی بوو لە سەپاندنی باج بەسەر قەڵاو قوڵغەیەکیتر یاخود زەویـەکانی دەوروبـەری قەڵاکـە هەروەك نوردین محمود زەنگی لە ساڵی (569ك/1173ز) کاتێك توانی دەست بگرێت بەسەر چەندین قـەڵا لـە ناوچـەکانی رووبـاری فورات و لەدوای ئـەو سـەرکەوتنە بـەرەو قـەڵای رۆم ڕۆیشـت ونزیکـەی (50000) پـەنجا هـەزار درهـەمی بەسـەردا سـەپاندن وەك سەرانە لەدواتردا جێی هیشت دوای رەزامەندی خاوەنەکەی (ابن کثیر، 1991، 12/ 273).

تەنانەت لەلایەنی خاچدروشمانەوە ئەو قەڵاو قولغانە وەك یەکەیەکی کارگێری بەکاردەهێنرا و دەیانتوانی باج و پارەیـەکی زۆری لێـوە بەدەستبهێنن، چ لە لایەن جوتیارەکانەوە بێت کە لە دەوروبەری قەڵاکان بـوون یـاخود ئـەو دانیشـتوانانەی لـە زەویـەکانی دەوروبـەری ناوچەکە یاخود قەڵاکەدا دەژیان، ئەو ڕەوشە خودی ئەرمەنەکانیشی گرتەوە کە هاوپەیمانیان بوون لە ناوچەکەدا، باجێکی زۆریان

بەسەر ئەوانیشدا سەپاندبوو زۆر زیاتر لە موسڵمانەکان (العسلي، 1988، 4/ 300)، هەروەها باجیان بەسەر ئەو کاروانـانەدا سـەپاند کە بەناو هەرێمدا دەهاتن یان تێدەپەڕین (سمیل، 1985، 109).

خاچدروشمان پارەی زیادەیان بەسەر پێداویستی و بژێوی ژیانی دانیشتوانی موسڵماندا سەپاند، بەناوی فەرمـانڕەوا کارگێڕیـەکانی ئەو قەڵایانە وەردەگیرا، ئەمە جگە لەو باجە زۆرەی کە لەسەر هەناردەکردن و هاوردەکردن وەردەگیران (عاشور، 2010، 1/ 385).

لە زۆربەی کاتدا لەلایەنی ئابوری سوود لە قەڵاکان وەردەگیرا، بەتایبـەتی لـە ریگـەی پیـدانی فدیـە لـە کـاتی بـەدیلگیرانی سـەربازێك یاخود سەرکردەیەکی گەورە، دوای ئەوەی سوپاکە ناتوانێت رزگاریان بکات لە نێو قەڵا قایمەکاندا ئەو کاتە هێزەکـان پـەنا دەبەنـە بـەر دانوسان و پێدانی فدیە لە بەرامبەر رزگار کردنی گیراوەکان بەوەش پارەیەکی زۆر بـۆ موسـڵمانەکان دەهـات، لـەو ڕێگەیـەوە لەوانـە کاتێك بلدوینی یەکەم کە لەسەردەستی جاولی سقا خـاوەنی موصـل بـە دیلگیـرا دواتـر لـە دوای پێـنج سـاڵ لـە سـاڵی (502/ 1108ز) بردرایە قەڵای جعبر و لەوێدا دەستگیر کـرا (ابـن العبـری، 1986، 130)، لەوێـدا دانوسـان دەسـتی پێکـرد بۆئـەوەی رزگاربکرێـت و ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی لە بەرامبەر بـرە پارەیـەکی زۆر نزیکـەی 20000 بیسـت هـە زار دینـار ئـازاد بکرێـت (عاشـور، 2010، 1/ 359). بەردەوامی شەڕی نێوان هـە ردوو هێـزی خاچدروشـمان و موسـڵمانەکان، وایکـردووە قـەڵاکان بـبن بـە کۆگایـەك بـۆ ئـابوری بەردەوام بۆئەوەی پاڵپشـتی سـوپای پێبکـەن، هـە ریەکـەیان لـە دژی ئـەوی تـر، لەوانـەش دابـین کردنـی نـان و هـەڵگرتنی خـۆراك و بەکارهینانی، کاتێك رووبەروویی گەمارۆبوونەوە کـە قـەڵاکان لـە زۆربـەی کاتـدا ڕووبـەڕووی ئـەو ڕەوشـە دەبوونـەوە بـەو شـیوەیە قەڵاکان پیویستیان بە خۆراك هەبوو بەشیوەیەکی بەردەوام، لە هەندێك کاتدا ئەو خۆراك و شـتانەی هـەڵگیرابوون لـە نیـو قـەڵاکان لـە هەرکاتێك هێزیك دەستی بەسەردا گرت ئەوا بە تالان دەیانبرد (عثمان، 2010، 228).

قەڵای ئەلبیرە یەکێك بوو لە و قەڵایانەی زۆرترین خۆراك و پێداویستی تیادا کۆکرابووەوە لەلایـەن خاچدروشـمان، توانیبویـان خۆیـان ڕابگرن بەرامبەر ئەو گەمارۆیەی عماددین زەنگی بەسەریدا سەپاندن دوای رزگارکردنی شاری ڕوها بە هۆی ئەو پێداویستیانە (ابـن القلانسي، 1908؛ابن الاثیر، د. س، 70 280؛ الجنزوری، 2001، 313).

قەوارەی خاچدروشمان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا مۆرکێکی فە رەنجیەکانی پێوەدیار بـوو، جگـە لـەوەی دانیشـتوانی شـارەکانی ئیتالیـا دەستیان کرد بـە نیشـتەجێ بـوون لـە ناوچـەکان و گـەرەکی تایبـەت بـە خۆیـان هـەبوو. شـیوازی ژیانیـان هاوشـێوەی ئـەوەبوو کـە لـە

ناوچەکانی خۆیان دەژیان، تاوای لێهات بە پێی تێپەربوونی کات کاریگەربوون بە شێوازی ژیانی موسڵمانەکان کە پێچەوانەی ئەوان بوون(عوض، 2002، 24).

مانەوەو جێگیر بوونی خاچدروشمان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، نەبووە هۆی ئەوەی ڕەوشی موسڵمانەکانی ژێر دەسە ڵا تیان باش بێت، بە ڵکو ئەو کاولکاری و کوشتارەی لەسەرەتاکانی هاتنیان ئەنجامیاندا موسڵمانەکان لە بیریان نەکردبوو، بۆیە پێیانوابوو ئەوەی خاچدروشمان دەستیان بەسەرداگرتوە ناتوانن بەدەستی بهێننەوە بە زەبری هێز نەبێت، هە ر بۆیە بەردەوام هەوڵی ئەوەیان دەدا هێرش بکەنە سەر ئەو قەوارانەی لە ناوچەکەدا پێکیان هینابوو، هەرچەندە خاچدروشمان سەرکەوتن لە پێك هێنانی ئەم قەوارانە بە زەبری هێز لە ناوچەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیان توانی بەبەردەوامی بە پارێزراوی بیهێڵنەوە و پارێزگاری لەگیانی خۆیان بکەن(عوض، 2002، 26).

**ئەنجام**

لە دووتوێی ئەم توێژینەوەدا دەتوانین بڵێین گەیشتوینەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

1. خاچدروشمان بۆئەوەی هەڵمەتەکانیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ئەنجام بدەن، لەپاڵ هۆکاری ئایینی چەندین هۆکاری دیکەی وەك ئابوری و سیاسیان بەکارهێنا، بۆئەوەی بتوانن ئامانجەکانیان بهێننەدی.
2. لە میانەی هەڵمەتی یەکەمی خاچدروشماندا بۆ ڕۆژهە ڵات توانیان بگەن بە ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە وەك دەستپێکێك بۆ گەیشتن بە بەیت و مەقدس.
3. بەگەیشتنی خاچدروشمان بە هەرێمی جەزیرە کاولکاریەکی زۆریان ئەنجامدا، ئەو رەوشە کاریگەری کردە سەر لایەنی ئابوری و سیاسی و وزەرەر و زیانێکی زۆریان بە زەوی ناوچەکە وخەلکەکەش گەیاند.
4. خاچدروشمان بە کەمترین کات توانیان زۆرترین ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە داگیربکەن، ئەوەش دەگەرایەوە بۆ خراپی ڕەوشی سیاسی ناوچەکە، کە خۆیی دەبینیەوە لە پەرتەوازەیی و ململانێی ناوخۆییەکان.
5. لە کاریگەریە نەرێنیەکانی هەڵمەتی خاچدروشمان بۆ هەرێمی جەزیرە، زیان گەیاندن بوو بە زەوی و زاری ناوچەکە و بە جێهیشتنی زەویەکان لە لایەن دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکان و بێزاربوونی خەڵکەکە لە وڕەوشە، چونکە لەو کاتەی بەرهەمەکانیان پێدەگەیشت لەلایەن خاچدروشمان دەستی بەسەردادەگیرا.

**سەرچاوەکان**


یەکەم: سەرچاوە و ژێدەرەکان

1. ابن الأثير، عزالدين على بن محمد (2004)، الكامل فى التاريخ، دار احياء التراث العربي، لبنان.
2. ابن الأثير، عزالدين على بن محمد (د.س)، التاريخ الباهر فى الدولة الاتابكية، دار الكتب الحديثة، القاهرة.
3. الأدريسي, الابي عبدالله محمد بن محمد (2002)، نزهة المشتاق فى اختراق الافاق, مكتبة الثقافة الدينية, القاهرة,.
4. ارنولد، سير توماس (1971)، الدعوة الى الاسلام، ترجمة: حسن ابراهيم حسن واخرون، مكتبة النهضة المصرية.



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

5. باركر، ارنست (1963)، تراث الاسلام، مطبعة الجنة التاليف والترجمة والنشر.
6. باركر، ارنست(د.س)، الحروب الصليبيه، نقله الى العربيه السيد الباز العرينى، دارالنهضة العربية، لبنان.
7. باقر، طه (2009)، مقدمة فى تاريخ الحضارات القديمة، الطبعة الاولى، دار الوراق، بغداد،
8. بروار، يشوع (2001)، الاستيطان الصليبي فى فلسطين، ترجمة عبدالحافظ عبدالخالق البنا، الطبعة الاولى، عين للدراسان والبحوث الانسانية والاجتماعية.
9. ابن جبير، (د.س) رحله ابن جبير، ، دار الصادر، بيروت.
10. جميعان، ميخائيل، المؤثرات الثقافية الشرقية على الحضارة الغربية من خلال الحروب الصليبية، المطبعة الاقتصادية، عمان، الاردن.
11. الجنزورى، علية عبدالسميع (2001)، امارة الرها الصليبية، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
12. حبشى، حسن(د. س) نورالدين والصليبيون حركة الافاقة والتجمع الاسلامى فى القرن السادس الهجرى، دار الفكر العربي،
13. حبشى، حسن، (د.س)الحروب الصليبيه الاولى، دار الفكر العربى.
14. ابن حوقل، ابى القاسم بن حوقل النصيبى(1992)صورة الارض، دار المكتبة الحياة، لبنان،
15. ابن خرداذبة، ابى قاسم عبيدالله بن عبدالله (1889)دار الصادر بيروت.
16. خليل، عماددين (1980) نورالدين محمود الرجل التجربة، دار القلم، بيروت.
17. ر، س، سميل، (1985) فن الحرب عند الصليبين فى القرن الثانى عشر، ترجمة، محمد وليد جلاد، مركز دراسات العسكرية، ديمشق،
18. رانسيمان، ستيڤن (1994) تاريخ الحملات الصليبيه من كلير مونت الى أورشليم، ترجمه نورالدين خليل، الطبعه الثانيه، الهيئه المصريه العامه للكتاب، .
19. الرومى، سليمان بن عبدالله بن صالح (د.س) دعوة المسلمين للنصارى فى عصر الحروب الصليبية، مكتبة الرشد.
20. زيتون، عادل، (1980)العلاقات الاقتصاديه بين الشرق والغرب فى العصور الوسطى، الطبعة الاولى، دار دمشق.
21. الساحلى، نعيمة عبدالسلام (2009)الاستيطان الفرنجى وتاثيرة البيئة السياسية والاجتماعية للكيانات الصليبية فى فلسطين والساحل الشامى، تقديم احمد ايبيش، الطبعة الاولى، دار قتيبة، دمشق.
22. سبط ابن الجوزى، شمس الدين ابى المظفر يوسف(٢٠١٣)مراة الزمان فى تواريخ الاعيان، الرسالة العالمية، دمشق - سوريا، الطبعة، الأولى.
23. السيد الباز العرينى (د.س)الشرق الاوسط والحروب الصليبية، قاهره
24. ابن الشحنة، ابى فضل محمد(1984)الدرر المنتخب فى تاريخ المملكة الحلب، تقديم عبدالله محمد درويش، دار الكتاب العربي سورى.
25. الشيخ، محمد محمد مرسى(2004)عصر الحروب الصليبيه فى الشرق، د.م.
26. الطحاوى، حاتم عبدالرحمن(1999)الاقتصادالصليبي فى بلاد الشام، الطبعة الاولى، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية.
27. الشارترى، فوشيه.(د.س)تاريخ الحمله الى القدس، ترجمه زياد العسلى، دار الشروق

28. عاشور، سعيد عبدالفتاح(2010) الحركه الصليبيه صفحه مشرفه فى تاريخ الجهاد الاسلامى فى عصور الوسطى، مكتبة الانجلو المصرية، .
29. عاشور سعيد عبدالفتاح(1964)اضواء الجديدة على الحروب الصليبية، دار القلم، مصر.
30. عاشور سعيد عبدالفتاح(2010)الحركه الصليبيه، مكتبه الانجلو المصريه.
31. العبرى، الابي الفرج جمال الدين (1986) تاريخ الزمان، نقلة الى العربية، الاب اسحق ارملة، درالمشرق، لبنان.
32. عثمان، مرفت(2010)التحصينات الحربية وادوات القتال فى العصر الايوبي بمصر والشام زمن الحروب الصليبية، دار العالم العربي، طبعة الاولى.
33. عثمان، فتحى (د.س)الحدود الاسلامية البيزنطية بين الاحتكاك الحربي والاتصال الحضارى، دار القومية للطباعة والنشر
34. عديم (1996) زبدة الحلب فى تاريخ الحلب، دار الكتب العلمية، لبنان، الطبعة الاولى.
35. العسلي، بسام (2012) قادة الحروب الصليبية المسلحون، دار النفائس، الطبعة الاولى.
36. عمران، محمود سعيد (2000) تاريخ الحروب الصليبيه1095-1291، دار المعريفه الجامعيه، .
37. عوض، محمد مؤنس(2002)سندباد فى عصر الحروب الصليبيه، عين للدراسات والبحوث الانسانيه والاجتماعيه.
38. عوض، محمد مؤنس(1995)الجغرافيون والرحالة العرب فى بلاد الشام زمن الحروب الصليبية، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، القاهرة.
39. ابن القلانسي، ابي يعلى حمزة (1908) ذيل تاريخ دمشق، مطبعة الاباء اليسوعين، بيروت،
40. ابن كثير، ابو الفداء حافظ (1991)البداية والنهاية، مكتبة معارف، بيروت.
41. المجهول (1986)تاريخ الرهاوى المجهول، عربه عن سريانيه ووضع حاشيه الاب البير ابونا، مطبعة شفيق، بغداد.
42. المطوي، محمد العروس (1982) الحروب الصليبية فى المشرق والمغرب، الطبعةالثانية، دار الغرب الاسلامى
43. محمود,على السيد على (1996)العلاقات الاقتصادية بين المسلمين والصليبين، الطبعه الاولى، عين للدراسات والبحوث
44. اليوسف، عبدالقادر احمد(1969)علاقات بين الشرق والغرب بين القرنين الحادى عشر و الخامس عشر، منشورات مكتبه المصريه، .
45. يوسف، جوزيف نسيم (1986)الأسلام والمسيحيه وصراع القوى بينهما فى العصور الوسطى، دار الفكر الجامعى، الطبعة الاولى.
46. يوسف، جوزيف نسيم (1981) العرب والروم واللاتين فى الحروب الصليبيه الاولى، دار النهضة العربية، بيروت.
47. يوسف، جوزيف نسيم (1988)، دراسات فى تاريخ العلاقات بين الشرق والغرب فى العصور الوسطى، مؤسسة الشيم الجامعة، اسكندرية.

**دووەم: نامە زانكۆييەكان**

48. البجارى، ابراهيم جمعة عزيز صالح (2020) قلاع وحصون ضفاف الفرات واثرها فى الحروب بين المسلمين والصليبين منذ بداية القرن السادس وحتى نهاية القرن السابع للهجرة/ الثالث عشر للميلادى، ماجستير، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة تكريت.

49.الرويضى، محمود محمد فالح (1997) امارة الرها الصليبية 1097-1155/ 490-550، دكتورا، كلية دراسات العليا، جامعة الاردن.
50.الطشانى، محمد عبدالرحيم (2011-2012)العلاقات الاقتصادية بين المسلمين والصليبين فى بلاد الشام490-690/ 1096-1291، ماجستر، جامعة ينغازى، كلية الاداب.
51.عبدالله، راغب حامد(1983) الحروب الصليبيه بدايات الأستعمار الأوروبي، ماجستر، كليه أداب، جامعه موصل، .
52.نورى، دريد عبدالقادر(1976) سياسة صلاح الدين الايوبي فى بلاد مصر والشام والجزيرة 570-589ك/ 1174-1193، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، مطبعة الارشاد، بغداد.

**سێیەم: گۆڤارەکان**

53.توفيق، فواز نصرت (2009)، دور المدن التجاريه الايطالية فى الحروب الصليبية (جنوة البيزا البندقية)، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية مجلد 16، عدد، 10 .
54.عبدالعزيز، شيرين محمد، (2022)بعض المظاهر فى قلعة دوسر جعبر فى التاريخ الاسلامى من الفتح الاسلامى الى نهاية دولة المماليك الاولى، مجلة كلية دار العلوم جامعة الفيوم، مجلد 61، عدد2.
55.ميسون ذنون ,العبايچى، دور حكام الموصل السلاجقة فى المقاومة الغزو الصليبي شرف الدين مودود (502-507ك/ 1108-1113م) نموذجا , مركز دراسات الموصل, جامعة الموصل , 2018.

## Abstract

The military invasion of the Crusaders to invade the Islamic-East-occupied countries. There were many reasons for this campaign, although religious reasons were the main reasons. In addition, many other reasons, such as political and economic, played an influential role in launching their campaigns for the Islamic East; especially they started their campaigns in the cities of Ruha. They established the Monarchy of Ruha, which is considered the first Monarchy of the Crusaders'. They had a great influence on the power of the Crusaders over the region, both politically، and economically, and the destruction they did in the region caused a lot of damage to the land and the agricultural products of the region, and on the political side, it caused the supremacy of the Crusaders. Because of their expansion in the region، especially after the great struggles of the region, especially after taking advantage of the uneven words that had spread over the region, which is reflected in the conflict and division between the authorities in the region and the lack of a personality who can be the total force Gather the people of the region and stand up against the crusade.

**Keywords:** Crusade, Jazeera, Religious influence, Economic influence.

sjh@univsul.edu.iq